# نامەیەکی مەلا ساڵحی کۆزەپانکەیی بۆ (عاجز) ی شاعیر

ئا: هێمن عومەر خۆشناو

موحتەرەم مەلا سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی

لەپاش سەلام

لە مەسئەلەی ئەو شەو شێخ و جەنابی هەموو مەلایان دیتراوە موافەقە کراوە تەبلیغی خوتەبا کراوە لەم جومعەیە لە خصوصی عیلم و عولەما و تەڵەبە خوتبە بخوێنن، ئینجا جەنابت بە وەکالەتی هەموو لایێ تەبلیغی خەتیبی کوێتی شێخ مەلا ڕەشید حاجی عەبدوڵڵا حەمامچی بکە، سەلامی ئێمە بۆیان و بخوێنن.

وە ڕەجایە ئەمڕۆ پاشی عەسر تەشریفت بێتە مزگەوتی شێخ عەبدوڵڵا بۆ لای مەلا مەجید و قسەی بە تەمامی لێ دەکەین و مشاوەرە دەکەین.

**ئیمزا**

**کۆزەپانکی**

**تێبینی:**

١- ئەم نامەیە ئەگەرچی مێژووی نووسینەکەی لەسەر نەنووسراوە، بەڵام لە شەستەکانی سەدەی ڕابوردوودا نووسراوە و لەنێوان ١٩٦٣ و ١٩٦٧ـە، چونکە (عاجز) لە مێژووی یەکەمیان هاتووەتەوە هەولێر و لە دووەمیشیان کۆچی دوایی کردووە.


٢- کوێتی: مەبەست مزگەوتی کوێتییە لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر.

٣- مامۆستا مەلا ساڵح عەبدوڵڵا کۆزەپانکەیی، کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی محەمەدی کوڕی حوسێنە، لە عەشیرەتی بلباسە، لە ساڵی ١٨٩٠ لە گوندی گردعازەبان لەدایک بووە، لە ١٨٩٨ دەستی بە خوێندن کردووە و لە ساڵی ١٩٢١ ئیجازەی مەلایەتی لای مەلا ئەفەندی هەولێری وەرگرتووە. سەرەتا بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە دیبەگە مەلایەتی کردووە، لە ساڵی ١٩٣٤ هاتووەتە هەولێر و چەندان مامۆستا لە خزمەتی ئەودا خوێندوویانە، جگە لەوەی چەند پارچە شیعرێکیشی نووسیوە، چەند بەرهەمێکی چاپکراو و چاپنەکراویشی لەدوا بەجێ ماوە، لەوانە، (ادراک المدارک) حاشییە

لەسەر تەفسیری مەدارک (الرسالة الجامعة) لە بابەتی بڕوایی و خواپەرستی و عەقیدە و شەریعەتە و چاپ کراوە. (تحفة الطالبين) لە بابەتی کڕین و فرۆشتنە و چاپ کراوە. لەگەڵ چەند حاشییەیەکی جیا جیا لەسەر کتێبەکانی شەرحی مەنهەج و بورهانی گەلەنبەوی و کەمالی صەرف و ئوسطرلاب، لە ١٩٧٤/٦/٢٠ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شێخی چۆلی ئەسپەردەی خاک کراوە.

٤-مەلا سەید عەبدوڵڵا مەلا سەید محەمەدی بەرزنجەیی، کە لە شیعردا نازناوی(عاجز) بووە، لە ساڵی ١٩٢٩ز لە گوندی چل هەوێزەی ناحیەی دیبەگەی سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە و لە زۆر شوێنی کوردستان خوێندوویەتی و لە ساڵی ١٩٤٥ لە مزگەوتی حاجی قادری دەباغ لای مامۆستا مەلا محەمەدەمینی کونەفلووسەیی ئیجازەی زانستی مەلایەتی وەردەگرێت، وێڕای ئەوەی لە چەند گوندێکی ناوچەی خۆشناوەتی دەبێتە مەلا و مودەڕیس، هەروەها لە گوندی شاوێسی هەولێر و لە شاری چەمچەماڵ و ناحیەی خورماڵیش دەبێتە مەلا و دواجار لە مزگەوتی حاجی بەکری زێڕینگر لە ناو شاری هەولێر مەلایەتی دەکات و لە دواناوەندی ئیسلامیی هەولێریش وەک مامۆستا دەست بە کار دەبێ. ناوبراو وێڕای دیوانە شیعرییەکەی دە بەرهەمی تری هەیە و هێشتا ڕووناکی چاپیان نەدیوە. شاعیر لە ١٩٦٧/٥/٢ کۆچی دوایی کردووە.

٥-لە کاتی لێکۆڵینەوە لە دیوانی عاجز، لەناو یەکێک لە دەستنووسەکانیدا ئەم نامەیەمان کەوتە بەرچاو.



**سەرچاوەکان:**

**مێژووی زانایانی کورد، مەلا تاهیر مەلا عەبدوڵلا بەحرکەیی، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئاراس، ٢٠١٠، لاپەڕە ١٢.**

**-دیوانی عاجز، چاپی دووەم (دەستنووسە و ئامادەیە بۆ چاپ)، لا ٢٥-٣٥.**